هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات
ژمارە (٥٣٠)    ٣ی تشرینی دووەم - ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان





www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com
ئیمێلی فایلی سیاسی: politicsfile@ymail.com


# وەزارەتی رۆشنبیری فیستیڤاڵی ناجی ئاکرەیی سازکرد





**ئا: رەزا کاکەیی**

لە ژێر چاودێری وەزیری پێشووی رۆشنبیری بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی و بە ئامادەبوونی بەڕێزان فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و هادی مەحمود وەزیری رۆشنبیری کابینەی شەشەم و کۆمەڵێکی زۆر لە بەرپرسان و خانەوادەی خوالێخۆشبوو ناجی ئاکرەیی، رۆژی چوارشەممە ٢٨/١٠/٢٠٠٩، لە هۆڵی پێشەوا فیستیڤاڵی نووسەر و رووناکبیر ناجی سەبری ئاکرەیی سازکرا.

سەرەتای فیستیڤاڵەکە بە ساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد، پاشان وتەی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵ لەلایەن بەڕێز شاکر رۆژبەیانی بەڕێوەبەری گشتیی دیوان و سەرۆکی لیژنەکە خوێندرایەوە.

دواتر وتاری هەریەک لە وەزیری رۆشنبیری و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و تەیسیر خالد ئەندامی لیژنەی تەنفیزی رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و لیژنەی وەفا لە لایەن بەڕێز نیهاد قازی و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو ناجی ئاکرەیی لەلایەن دایکی سامان خێزانی ناجی ئاکرەییەوە خوێندرایەوە.

دوایین بڕگەی سەر لە بەیانی چەند پارچە مۆسیقایەک و گۆرانییەکی فۆلکلۆری ناوچەی ئاکرێ پێشکەش کرا.

ئێوارەی هەمان رۆژ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و رۆشنبیرانی کورد و عەرەب دوو سیمینار پێشکەش کرا.

رۆژی دووەمی فیستیڤاڵەکە لە هەمان هۆڵ بەڕێوەچوو، سەر لە بەیانی سێ سیمینار پێشکەش کرا، یەکەمیان لەلایەن تەیسیر ئەلئالوسی لەژێر ناونیشانی (دەقی عەرەبی نووسەرە کوردەکان ئامرازێکی نەتەوەیی بۆ کرانەوە و هەڵکردن لەگەڵ ئەوەی تر، ناجی ئاکرەیی وەک نموونە).

دووەمیان لەلایەن د. مونیرە ئومێد پێشکەش دەکرێ لەژێر ناونیشانی (کێشەی رەوای گەلی کورد و زمانی دواندنی بەرانبەر).

سێیەمیان لەلایەن رۆژنامەنووس کیفاح مەحمود پێشکەش دەکرێ لە ژێر ناونیشانی (نووسەر و راگەیاندنکارەکانی تاراوگە. ناجی ئاکرەیی وەک نموونە).

ئێوارەی هەمان رۆژ تایبەتبوو بە دوو سیمینار، یەکەمیان لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووس دانا جەلال لە ژێر ناونیشانی (ریالیزمی بێ کەنار و سەنگەری لەرزۆک، نزیکبوونەوەی کەنار و سەنگەر لەژێر تیشکی هزری ناجی ئاکرەییدا).

دووەمیان لەلایەن ئەندازیار (نیهاد قازی) لەژێر ناونیشانی (هەیکەلییەتی نوێ لەنێوان دەسەڵات و رۆشنبیردا، فیستیڤاڵی وەفاداری بۆ (ناجی ئاکرەیی) وەک نموونە).

رۆژی هەینی ٣٠/١٠ رۆژی سێیەم و کۆتایی فیستیڤاڵی نووسەر و رووناکبیر ناجی سەبری ئاکرەیی لە شاری ئاکرێ بەڕێوەچوو، تێیدا چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدرا.

سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ لە هۆڵی پەروەردەی ئاکرێ پیشانگای فۆتۆگرافی هونەرمەند سەمیر ئاکرەیی بەناونیشانی (کوردستان ژیان و جوانی) کرایەوە، پاشان دوایین بڕگەی بەرنامەی فیستیڤاڵەکە لە هەمان هۆڵ بەڕێوەچوو. کە تێیدا چەندین پارچە شیعری جوان و قەشەنگ لەلایەن شاعیرانی کوردستان پێشکەش کرا و بە دابەشکردنی دیاری بەسەر میوانانی فیستیڤاڵ و وتەی لیژنەی باڵا کە لەلایەن شاکر رۆژبەیانی سەرۆکی لیژنەی باڵای فیستیڤاڵەوە خوێندرایەوە کۆتایی بە فیستیڤاڵەکە هات.